دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق دەستگیرکردنی بەرپرسێکی بەعس لە هەولێر ڕاگەیاند



دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق یەکێک لە بەرپرسەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیرکردووە کە بە چەندین تاوانی کوشتن و لەسێدارەدان تۆمەتبارە، هەروەها بە تاوانی چاندنی بۆمب لەناو گیرفانی زیندانیان و تێقاندنی و کوشتنی دەیان هاوڵاتی کورد.

دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاندووە، "تاوانبار خێروڵا حەمادی یەکێک بووە لە بەرپرسە باڵاکانی دەزگای داپڵۆسێنەری بەعس کە سەرپەرشتی و تاوانی دژی چەندین هاوڵاتی بە تاوان ئەنجامداوە".

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق بڵێت لە تاوانی ئەو کادرێی حیزبی بەعس لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێن بەاوکردەوە و ڕایگەیاندووە، خێروڵا حەمادی بەرپرسی ڕاستەوخۆی گرتن و ئەشکەنجەدانی ئەندام و کادیرانی حیزبی دەعوەی ئیسلامی بوو لە پیاوان و ژنان، هەروەها بەرپرسی گرتن و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانی کورد بووە لە شاری بەغداد لە ساڵی 1974، لەگەڵ ئەوشدا بەرپرسی دەرکردن و کۆچکردنی هاوڵاتیانی ناوچەی نوگرە سەلمان بووە لە ساڵی 1980، بەرپرسی جێبەجێکردنی چەندین تاوانی لەسێدارەدان بووە دژی هاوڵاتیانی عێراقی، بەرپرسی سەرپەرشتی ئیعدامکردنی هاوڵاتیان و زیندانیان

بووە لە زیندانی ئیبوغرەب لە ساڵانی 1980 تاوەکو 1986، هەروەها بەرپرسی جێبەجێکردنی لێسدارەدان بووە بە شێوازێکی دڕندانە لەڕگای تێقاندنەوە بەمب لەسەر دەی گیراوەکان و کردنی بەندی لە گیرفانیان لە ساڵی 1984.

بەگوێرەی زانیارییەکان، خێروەڵا حەمادی لە هەولێر دژیا و دوای فشارێکی زۆری حکومەتی عێراق بە سەر دەسەڵاتدارانی هەولێر، ئەو بەرپرس بەعسیە دەستگیرکرا.